# Barnebøker for Norge

barneboker.no

## نوزیبلە و سێ تاڵە موو


Skrevet av: Tessa Welch
Illustret av: Wiehan de Jager
Oversatt av: Agri Afshin


Denne fortellingen kommer fra African Storybook (africanstorybook.org) og er videreformidlet av Barnebøker for Norge (barneboker.no), som tilbyr barnebøker på mange språk som snakkes i Norge.


Dette verket er lisensiert under en Creative Commons
Navngivelse 3.0 Internasjonal Lisens.
https://creativecommons.org/licenses/by/3.0/deed.no


# نوزیبلە و سێ تاڵە موو

Tessa Welch
Wiehan de Jager
Agri Afshin
kurdisk (sorani)
nivå 3

(uten bilder)

له سەردەمانی زوو، سێ کچ چووبوونە دەرەوە بۆ کۆکردنەوەی دار.

ڕۆژێکی زۆر گەرم بوو، بۆیە چوونە دەم ڕووبارەکە بۆ
مەلەکردن. ئەوان شەڕە ئاوییان دەکرد و مەلەیان دەکرد.



ئەوکات سەگەکە تێگەیشت کە نوزیبلە فێڵی لێ کردووە,
بۆیە خێرا غاری دا بۆ ئەوەی خۆی بگەیەنێتە گوندەکە,
بەڵام براکانی نوزیبلە بە گۆپاڵەوە چاوەڕێیان دەکرد.
سەگەکە گەڕایەوە و هەڵات و ئیتر دووبارە دەرنەکەوتەوە.

لەناکاو بە ئاگا هاتنەوە کە کات درەنگ بووە، بۆیە خێرا گەڕانەوە بۆ گوندەکەیان.



کاتێ سەگەکە گەڕایەوە، بە دوای نوزیبلە دا گەڕا. هەرای دەکرد: “ نوزیبلە لە کوێی؟” تاڵە مووی یەکەم گوتی: “ ئەوەتام لە ژێر تەختەخەوەکە.” تاڵی دووەم گوتی: “ ئەوەتام لە پشت دەرگاکە.” و تاڵی سێهەم گوتی: “ ئەوەتام لە حەوشەکە.”

کاتێك لە ماڵ نزیك بوونەوە، نوزیبلە دەستی بۆ ملی برد. ئەو ملوانەکەی لەبیر چووبوو، بۆیە داوای لە دەستەخوشکەکانی کرد: “تکایە لە گەڵم بگەڕێنەوە بۆ ئەوەی ملوانکەکە بهێنمەوە.” بەڵام هاوڕێکانی گوتیان تازە درەنگ بووە.



هەر دوای ئەوەی کە سەگەکە ڕۆیشت، نوزیبلە سێ تاڵە مووی لە سەری خۆی کردەوە. ئەو تاڵێکی لە ژێر تەختە خەوەکە دانا و تاڵێکی دیکەش لە پشت دەرگاکە و تاڵەکەی دیکەشی لە حەوشەکە دانا. و دواتر زۆر بە خێرایی گەڕایەوە ماڵەوە.

بۆیە نوزیبلە بە تەنیا گەڕایەوە بۆ دەم ڕووبارەکە.
ملوانکەکەی دۆزییەوە و بەخێرایی گەڕایەوە بەرەو ماڵ،
بەڵام لە بەر تاریکی رێگای لێ ون بوو.



نوزیبلە هەموو رۆژێ ناچار بوو کە خواردن بۆ سەگەکە
دروست بکا و ناوماڵەکەی بۆ پاك بکاتەوە. ڕۆژێکیا ن
سەگەکە گوتی: “ نوزیبلە، من ئەمڕۆ دەبێ بچم سەردانی
چەند هاوڕێیەکم بکەم. ماڵەکە گەسك بدە، خواردن
دروست بکە و هەموو شتیك ڕێك بکە هەتا من
دەگەڕێمەوە.”

له دووره‌وه ڕووناكاييه‌كی له ماڵێكه‌وه بينی. ئه‌و به‌ره‌و ماڵه‌كه ڕايكردو له ده‌رگای دا.



دواتر سه‌گه‌كه گوتی: “ جێگا خه‌وه‌كه‌م بۆ ڕاخه!” نوزيبله گوتی: من هه‌رگيز جيگا خه‌وم بۆ سه‌گ ڕانه‌خستووه.” سه‌گه‌كه گوتی: “ جێگا خه‌وه‌كه‌م بۆ ڕاخه ده‌نا قه‌پاڵت لێ ده‌گرم!” دواتر نوزيبله جێگاكه‌ی بۆ ڕاخست.

سەری سوڕما کاتێك بینی سەگێك دەرگاکەی کردەوە، سەگەکە گوتی: “ چیت دەوێ؟” نوزیبلە وڵامی دایەوە: “ من بزر بوومە و پێویستم بە شوێنی خەوە.” سەگەکە گوتی: “ وەرە ژوورەوە دەنا قەپاڵت لێ دەگرم!” دواتر نوزیبلە چووە ژوورەوە.



دواتر سەگەکە گوتی: “ خواردنم بۆ دروست بکە!” نوزیبلە گوتی: “ من پێشتر هەرگیز خواردنم بۆ سەگ دروست نەکردووە.” سەگەکە گوتی: “ خواردنم بۆ دروست بکە دەنا قەپاڵت لێدەگرم!” دواتر نوزیبلە هەندێ خواردنی بۆ سەگەکە ئامادە کرد.